Vänsterpartiet

# دەنگی خۆت بدە بە پارتی چەپی سویدی



من ناوم مژدە خەلیل ڕەشیدە و لەدایکبووی شارۆچکەی کەلاری باشووری کوردستانم و لە ساڵی (١٩٨٢)ەوە نیشتەجێی ولاتی سویدم و هەرلێرەش ماستەرم لە هەندەسەی کارەبادا هێناوە و ئێستا لە شەریکەی ئێریکسۆن وەک ئەندازیارێک کاردەکەم .

لە ساڵی(١٩٩٤)ەوە لەگەڵ پارتی چەپی سویدی کاردەکەم و ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ستۆکهۆڵمم .

من پاڵێوراوی پارتی چەپم بۆ پەرلەمان و بۆ ئەنجومەنی شارەوانی ستۆکهۆڵم بۆ هەڵبژاردنەکانی(٢٠٠٦).

دەخوازی من لە هاونیشتمانییەکانم ئەوەیە کە دەنگی خۆیان بدەن بە پارتی چەپ بۆ دابینکردنی دواڕۆژێکی بەختەوەر بۆ خۆیان و نەواکانیان لە ولاتی سوید.

پارتی چەپ جیاوازی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی پەنابەر و بێگانەی بە هیچ جۆرێک قەبووڵ نییە و هەوڵی ئەوە دەدات دەوڵەتی سوید سیاسەتێکی مرۆڤانەتری بۆ وەرگرتنی پەنابەری هەبێت.
ئەوە پارتی چەپ بوو کە پار دەوڵەتی سویدی ناچارکرد بە دەرکردنی ئەو یاسا کاتییەی کە هەزاران کورد و نەتەوەکانی تر لەسایەیدا ئیقامەیان وەرگرت .

پارتی چەپ لە هەموو دەم و زەمانێکا پاڵپشتی گەلی کورد بووە و هەمیشە وەک باڵیۆزخانەیەک بووە بۆ کورد.

پارتی چەپ تا ئێستا چەند پرۆژەیەکی لە باکووری کوردستان ئەنجام داوە، کۆمەڵێ پرۆژەی تری بەدەستەوەیە بۆ باکوور و باشووری کوردستان.

پارتی چەپ دەیەوێت:
- تەندروستی ددان و چوونە لای دکتۆری ددان لەسویددا بەخۆڕایی بێت.

- یەکسانی تەواو لەنێوان هەموو دانیشتووانی سویددا بەرقەراربێت، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، یەکسانی نێوان سویدی و بێگانە .

- ساڵی بیست هەزار خانووی کرێ دروست بکرێت.

- دووسەد هەزار کەس لە کەرتی دەوڵەتی لە کاردابمەزرێت.

- یاساکانی دژ بە ڕەگەزپەرستی توندوتیژتر بکرێت.

**سەرکەوتنی پارتی چەپ سەرکەوتنە بۆ یەکسانی، سەرکەوتنە بۆ عەدالەت و دادپەروەری سەرکەوتنە بۆ دوارۆژێکی بەختەوەر بۆ هەمووان.**

Mujde Rashid
Telefon: 08-40 47 553
Mobil: 070 986 15 76
Email: mujde.rashid@ericsson.com
Hemsida: http://hem.passagen.se/eramura/